# با 8ی مارس بکەینە سەرەتاییێک بۆ پرسیارکردن و بەخۆداچونەوە!

## ئاوڕێک لە ڕابردوو، تیشکێک لە سەر داهاتوو

**مرۆڤەکان ژن یا پیاو بەو مانایەی کە ئێمە دەی ناسین لە دایک نابن بەڵکو کۆمەڵگایە کە ئەو سیما و پەیکەرەیان لێ دائەتاشێ و بۆ دیتنی ئەو ڕۆڵە پەروەردەیان دەکات.**




پرسی کێشەی توند و تیژی لە گەڵ ژنان یەکێکە لەو کێشە بنچینەییانە کە تەمەنێکی درێژی بە درێژایی مێژوو هەیە و تا کو ئێستاش زۆر بە دژواری تواندراوە یا دەتواندرێت پاشەکشە بەو یاسا و ڕیسا ئاسمانی و زەمینیانە بکرێت کە چەقبەستوو بە ناخی عەقلیەتی کۆمەڵگای ئێمەدا چۆتە خوارەوە و ڕێگە بە هیچ گۆڕانکارییێک نادات.

بە درێژایی مێژوو سیستەمێکی ڕاهێنان و پەروەردە کردن وا بناخەیی و سیستماتیک کاری کردووە کە مەودا بە جۆرێکیتر بیرکردنەوە نادات،" پرسیار کردن و شێوازیکیتر لە بیرکردنەوە و هزری ڕەخنەگرتن و بەخۆداچوونەوە هەموو ئەو شتانەن کە یارمەتی بە پەروەردەیی شارەوەندی ویارمەتی بە دانانی بناخەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە ماڤی مرۆڤەکانی وەک یەک، جیا لەوەی کە ئەو مرۆڤە ژن یان پیاو یان منداڵە تێدا پارێزراوە"، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیکی گشتی ئەم تەوەرانە بوونیان لە ئارادا نییە و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان گورانێک ببیندرێ بە هوی ئەوەیە کە بارودۆخی ئەمرۆکەی دونیا دای دەسەپێنێ و ئەم شتە جیاوازی زۆرە لە گەڵ ئەوەی کە سیستەمێکی ڕاهێنان و پەروەدە بە سەر پرۆسەییکی زانستیدا تێپەڕ بووبێت و هەوێنی کەسایەتی تاکی کوردی دارشتبێت.

"کێشە کۆمەڵیەتیەکانی ژنان و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگای کوردەواری لە گەڵ ئەم کێشەیە یەکێک لەو کێشە بنچێنەییانەیە کە پێوەندی بە دروست بوونی هەوێنی وجودی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە و بۆ لیکدانەوەی ئەم مێژووە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو واقیعە مەزهەبی و سیاسی وئابووریانەی کە بەردەوام ڕۆڵ لە پەروەردە کردنی شتێک بە ناوی پیاو بە مانای تاریف کراوی کۆمەڵگای ئێمە و ئەو دەسەڵاتەی کە کولتور و داب و نەرێتە سەرسەختەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەیداتێ، دەبینێت..

"توند و تیژی بە گشتی ڕەفتارێکی وەرگیراو لە پێوەندی و ڕەوابتی کۆمەڵایەتییە و لە ڕێگای میرات یاکو ژنێتیک بە ئینسان ناگات،بەڵکو ڕەگوپۆی لە ناو داب و نەریت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا و ئەو شتانەی کە داکۆکی لە بەرێوە بردن و پارێزگاری کردنی دەکەن و بۆتە چەمکی چەسپاو و لە مەودای زەمەنێکی درێژخایەن بۆتە فەرهەنگ و کولتوور و سنوور شکاندنی ئەم کولتووورە مرۆڤ دەخاتە بەر دەمی لێپرسینەوە و دین و ئائینیش ڕۆڵێکی هەرە گەورەیان لە دارشتن و ڕەنگرێژ کردنی ئەم چەشنە توندوتیژیانە بینیوە".

دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی جیاجیادا بار و دۆخی ژنی کوردی ئەوەندەی‌تر دژوار کردۆتەوە و ئەو گیر و گرفتانەی کە دەبێ ململانەی لە گەڵ بکرێت جار و بار جیاواز دەبێتەوە. جیا لە وەی کە ژنی کورد لە چ وڵاتێکە ئەوەی کە بارودۆخی ژنی کورد زۆر خراپە و ئەوەی کە بزوتنەوەی ژنانی کوردیش پێ بە پێی گوشار و سەرکوت کردنێک کە دەکرێت ڕوو لە زیاد بوونە شتێکی بەر چاو و حاشاهەڵنەگرە. بە هۆی سەقامگیر بوونی دین و ئایینی ئیسلام لە ناوچەدا، لە ڕۆژهەڵات ڕۆحی دەسەڵات بە پێوانەی پێوەرە ئائینیەکان هەڵدەسەنگێردرێت و لە چوارچێوەی یاسادا داڕژاوە و لە باشووریش زۆر شت هەر لە سەر بنەمای قانوونەکانی دەورانی بەعس ماوەتەوە و زۆر شتێش بێ ئەوەی ببێتە قانوون و یاسای نوسراو، چوارچێوەی وا پتەو و سەخت داڕژاوە کە بە توندی بەرانگاری هەر گۆڕانکارییێک دەکات، دیارە خراپ بوونی باری ئابووری و ئاڵۆزی مەسەلەی کورد و ئەوەی کە کورد ئێستاش لە ناو گۆڕەپانی دونیای سیاسەتدا جێگاییێکی نییە و بەردەوام وەکو مۆرەی شەترەنج هەڵی دەسوڕێنن ئەوەندەی‌تر زەخت و گوشاری خستۆتە سەر ژنی کورد و ڕاستەوخۆ یاکو ناڕاستەوخۆ ژنان بونەتە قوربانی و گێرە و کێشەیان پێ کراوە. دەبێ لە پاڵ زۆر هۆکاری دیکەدا ئەوەش ڕەچاو بگرین کە کێشەی ژنی کورد تەنانەت لە لایەن خودی ژنی کوردیشەوە لە پەراوێز خراوە و هەمیشە گرێ دراوە بە وەدەست هێنانی ڕزگاری نەتەوەیی واتە هاوکێشکردنی خەباتی کۆمەڵایەتی لە گەڵ خەباتی سیاسی لە بزوتنەوەی نەتەوەییدا یەکێکیتر لەو هۆکارانەیە کە  بە گوێرەی پێوست ژنی کورد لەم بوارەدا ڕۆڵی نەدیتووە. یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردی داخراوەیی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە هۆکارەکەی تەنیا بۆ سەروەری کردنی دەسەڵاتێکی زۆردار ناگەڕێتەوە بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا ئەوەی کە کورد وەک نەتەوەییێک خاوەنی خوێندنەوەیەکی زانستی  لە ئاست پێشکەوتنەکانی دونیادا نییە و لێکدانەوە لەمەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی زۆر بە جیاواز مانا دەکرێتەوە و تەواوی ئەم شتانە ڕاستەوخۆ لە سەر ڕاهێنان و پەروەردەکردن و بەڕێوەبردنی پێوەندییە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵاییەتیەکان دەوریان داناوە.

لە داوێنی کەڵافی ئاڵۆزی ئەم بەرزی و نزمیانە ڕۆڵی ژنان لە بواری سیاسەتیشدا هەر کەوتۆتە سەر بنەمای پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و هەموو کاتێک ژنان بەڕێوەبەر بوون و لە بڕیارە سەرەکیەکاندا نەقشێکی ئەوتۆیان نەبووە، دیارە ئەم خاڵە دووبارە دەمانباتەوە ئەو کەش و هەوایەی کە بۆتە هەوێنی بیرۆکەی تێڕوانینی حیزب و گروپە جوراوجۆرەکانیش، چ ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن مودێرن خۆیان نیشان بدەن و چ ئەوانەی کە بە ڕواڵەت و کاکڵەی بیر و بۆچوون تێڕوانینیان لە مەر مەسەلەی ژن هەر وایە، جا بۆ دۆزینەوەی  گرێ کوێرەکانی ئەم کێشەیە باش وایە کە چاوێک بە دەسپێکی بزوتنەوەی ژنان لە دونیادا و لێکدانەوەی  تایبەتمەندیەکانی ئەو کیشەیە لە ناوچەکانی ئێمە بکەین. بە لێکدانەوەی تێپەڕینی مرۆڤ بە سر قۆناغەکاندا دەبینین کە دەوری ژنان لە سەر مەسەلەی ئابووری کۆمەڵگاکانی بەشەری بۆ دیاریکردنی پێگەی ژن لە ناو ئەو کۆمەڵگایە گرنگ و ئەساسی بووە. تێپەر کردنی قوناغەکانی ئاژەڵداری و کشت و کاڵی و بەرەو قۆناغی سەرمایەداری هاتن و پرۆسەی ئە ڕووداوانەی کە مێژوویان دەنووسی دەورێکی هەرە گەورەی لە سەر پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەبووە. دەسپێکی بزوتنەوی ژنانی دونیا دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی سەنعەتی بوونی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکی و ئەوەی کە لەو کاتانەدا پێوستیەکانی ئەم دەورەیە ژنانی هێنایە بازاڕی

کارەوە و بۆ هەوەڵین جار لە دەورانی جووڵانەوەی کریکاری ڕاستەو خۆ ئاماژە بە ماڤی ژنان درا، جا لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە ئاماژە بدەینە سەر ئەوەی کە هەر لەو سەردەمەدا لە ئێران جووڵانەوی بابیەکان سەری هەڵدا و بە دروست بوونی کەسایەتی وەک "قرەالعین" ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە یەکسانی ژنان و پیاوان درا بەڵام چون  ئەو وڵاتە لە باری ئابووری و سیاسیەوە ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبوو ئەو دەنگە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە بێدەنگەی پێ کرا و لە ناو بردرا. دیارە کە دەبێ لە پاڵ زۆر هۆکاریتر ئەوەش ڕەچاو بگرین کە، یەکێک لەو شتە هەرە گرینگانەی کە هەموو کاتێک ڕوشنبیرانی ئەو وڵاتە ڕەچاویان نەگرتووە ئەوە بووە کە ناکرێت باس لە مافی ژنان بکەیت و باسیش لە وە بکەیت کە ئایینی ئیسلام دەبێ سەروەری بکات چون نرخی سەروەری کردنی ئایینی ئیسلام بە کۆیلە کردنی ژنانە و بە پێی هەڵسوکەوتی ئەم ئایینە لە گەڵ کویلەدا، کوێلە بۆی نییە سنوور ببەزێنێ و دەنگ هەڵببڕێ و حە قی یاخیبوونی نییە، جا هەر لەم گۆشە نیگایەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بۆ پێشکەوتن و بەرانبەری لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستا وەدی نەهاتووە. ئەگەر ئێمە تێڕوانینێکی زانستیانە لەچەمکی ژن لە ناو ئایینی ئیسلامدا بکەین و مەسەلەی ژن لە ئەم ئایینە هەڵاوێرین دینی ئیسلام هیچی بۆ نامێنیتەوە، جا بۆیە هاوکات لە گەڵ سەقامگیر بوونی ئەم ئایینە سەرکوت کردنی ژنان یەکەمین هەنگاوەکان بۆ پێداگرتنە و بە داخەوە بە درێژایی مێژوو مودارا کردنی ڕۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ ئایینی ئیسلام بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە بڕوای گشتی خەڵکی ئێمەیە ئەم بارودۆخەی خولقاندووە کە ئێستا وڵاتەکانی ئێمەی تێدایە.

سەر هەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لە دونیادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1850 تا...لە ساڵی1858دا یەکەمین ڕێپێوانەکانی ژنان لە ئامریکا بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرانبەر(حەقدەستی بەرانبەر)لە گەڵ پیاوە کرێکارەکاندا دەستی پێکرد. هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم بزوتنەوەیە ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی ئابوریەوە گرێ درابوو. پڕۆسەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کرێکاری لە ئاڵمانیا بووە مایەی ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار ڕاستەوخۆ تیشک بخرێتە سەر گرینگی یەکسانی مافی ژنان و پیاوان. موریس مولێر خاوەنی کارخانەییکی پیشەسازی بە باسکردنی چوار خاڵی سەرەکی پێوستیەکانی ئەم بەرانبەرخوازیەی شی کردەوە.

خاڵی یەکەم: هیچ سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونێک لە کۆمەڵگادا، بە بێ بە ڕەسمیەت ناسینی تواناییەکانی ژنان و دابینکردنی مافی یەکسانی بە دی نایەت.

خاڵی دووهەم: فاکتەرەکانی بیرکردنەوە پێوەندیان بە چۆنیەتی ڕەگەزی جنسیەوە نییە و ژنان وپیاوان یەکسانن و دەبێت بیروڕاکان جیا لە وەی کە ژن یا پیاو دەیلێت وەک یەک ڕێزی لێ بگیردرێت.

خاڵی سێهەم: تەواوی بوارەکان و قۆناغەکانی ژیانی رۆژانەی ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر گرینگی هێنانە مەیدانی ژنان و پەروەردە کردنی ئەوان بۆ ئەوەی کە ڕۆڵێکی ئاکتیڤ وچالاک لە پەروەردە کردنی کۆمەڵگادا ببێنن ڕوو بە ڕوودەکاتەوە.

خاڵی چوارەم: دەوڵەت دەبێت بۆ دابینکردنی یەکسانی لە نێوان ژنان وپیاوان و پێکهێنانی سیستەمێکی پەروەردەیی مودرێندا بە بەرنامە و پلانی گونجاوەوە هەوڵ بدات و پیاوانی کرێکاریش دەبێ پێ بە پێی ئەم هەوڵە بۆ پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەنگاو هەڵبگرن.

پێشکەوتوخوازی ئابووری لە ووڵاتە پێشکەوتووەکان هەلێکی بۆ گەشە کردنی بزوتنەوەی ژنان خولقاند، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانە ئیستاش ماڤی بەرانبەر و یەکسانی بە تەواوی، تەنانەت لە ناو خۆی ئەم وڵاتە پێشکەوتوانەشدا دەستە بەر نەبووە .

مەبەست لە باسکردنی ئەم کورتەیە لە مێژوی خەباتی ژنانی دنیا ئەوەیە کە هێما بدەینە سەر ئەو خاڵەی کە لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا بۆشاییک بەدی دێت کە باس لە تێکهەڵچوون و ململانێی سوننەت و مودرێنیتە دەکات کەلێنێک کە فەرقی کولتورەکانی تیادا زەق دەبێتەوە و زۆر جاریش پێوست ناکات دەسەلآتێک لە سەرەوە بە زەخت و گوشار دای‌بسەپێنێ، چونکە ئەو کۆمەڵگایە وا پەروەردە بووە کە وردبوونەوە و بیرکردنەوە لە دەرەوی ئەو چوارچێوە دیاریکراوەدا تابۆیە،"چونکە تێگەشتن و لیکدانەوە بەرپرسایەتی و ئەرک دەخاتە سەر ئەستۆ و زانیاری وەرگرتن و بە خۆدا هاتنەوە ئیرادە و توانای هەڵوێست گرتن دەبەخشێ." داخوازییەکانی جیلی نوێ بە گشتی و ژنان بە تایبەت دەخاتە بەر تەوژمی داب و نەریتە سەر سەختەکانی کۆمەڵگا کە سەروەریان هەیە. جیا لە وەی کە وشەکانی دمکراسی، ئازادی و بەرانبەری زۆر جوانن ئەورۆکە زۆر بە سەر زاردا دێت و گەمەی پێدەکرێت بەڵام پراکتیک کردنی ئەم وشانە زۆر سەخت و ئەستەمە و هەر یەک لەم وشانە کەلتووری پێوەندیدار لە گەڵ پرۆسەی پێکهاتنی ناوەرۆکی وشەکەیان هەیە وهەر کام لەم وشانە دونیاییک مانا و کردەوە دەگرێتە خۆی، پرۆسەی گۆڕانکارییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەرفەتی دروست بوونی بووە و قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش چووە، ئەم وشانە ئیتر تەنیا وشە نین و لە باری عەمەلیەوە هەوڵ دراوە و دەدرێت کە بینەخشێنن. جیلەکانی دوایی هێدی هێدی و بە کاوەخۆ بواری گۆڕانکاری بناخەییان هەبووە و بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ بە گشتی و ژنان و منداڵان بە تایبەتی بۆتە یاسا و قانوون و دیارە کە لە تایبەتمەندیەکانی سیستەمی دمکراسی بۆ بەرانگار بوونەوە لە گەڵ توند و تیژیەکان ئەوپەڕی کەڵک وەرگیراوە.

کەلتوری پێوەندیدار بە ژیانی ئاسایی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆیاندا قەتیس نەماوە و بە هۆی چکۆلە بوونەوەی دونیا، واتە گلوبالیزم سنوورەکانی شکاندووە و گەمارۆی وڵاتەکانی ئێمەشی داوە، جا هاتنە ژوورەوەی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دونیای مودێرن کە ئازادی تاکە کەسەکانی تیا دەستەبەر کراوە و ڕوو بە ڕوو بونەوەی لە گەڵ داب و نەریتی نەقش بەستوی وڵاتانی ئێمە کە ئێستاش بە بیر و بۆ چوون لە سەر قۆناغە ئابووری و سیاسیەکانی دەورانی کشتوکاڵی دارژاوە بەگژدا چوونەوەییک دروست دەکات کە زۆرترین قوربانیانی لە ژنان گرتووە. دەتوانین بە کورتی بڵێین سەرلێشێواوی کۆمەڵگا لە ناو سوننەت و مودرێنیتەدا و هەوڵی ژنان بو ژیانێکی بەرانبەر لە کۆمەڵگاییکدا کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یاساکانی ئیسلامی سەروەری دەکەن و ژنان لە نێو بازنەی قانوونە نوسراو و نەنوسراوەکاندا هەوڵ و پەلەقاژە بۆ ژیانێکی باشتر دەدەن.

کاتێک کە ئێمە باس لە گێرە وکێشەکانی پێوەندیدار بە ڕەگەزی جنسیەوە دەکەین، ئەگەر ئەم شتە تەنیا وەکو کێشەی ژن مانا و تاریفی بکەین و بیناسین، واقیعەییکی زۆر ڕوون و ئاشکرامان نەدیتوە

ئێمە کاتێک باس لەم گرفتە دەکەین باس لە کۆمەڵگاییک دەکەین کە ماڤی ئینسانی ئینسانەکانی تیا پێشێل دەکرێت باسی ئێمە لە کۆمەڵگاییکە کە لە داوێنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی ژن وەکو ئامرازێک چاو لێ دەکات.

باس لە کۆمەڵگاییکی ناتەواو کە بێ رەچاو گرتنی گرینگی ئەم یەکسانیە ناتوانێ هیچ کاتێک ئاسۆکانی خۆی دیاری بکات و بەرو پێشکەوتن هەنگاو بنێت. ژنان پایەی ئەساسی کۆمەڵگان و بەردە بنچینەییەکانی پەیکەرە و سیمای کۆمەڵگا دادەرێژن، چۆن دەتواندرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە لە ناو کۆمەڵگاییک کە تیایدا ژنان بن دەستەن و تەنانەت ماڤە سەرەکیەکانی ژیان کردنیشیان لێ سەندراوەتەوە. منداڵانی ژیر و وریا پەروەردە بکەن و رۆڵی پێویست لە سیستەمی پەروەردەییدا ببینن، چۆن دەتواندرێ ڕزگاری نەتەوەیی دەستەبەر بێت لە کاتێکدا ئەم نەتەوەیە لە ناخی خۆیدا بن دەستەبوون پەروەردە دەکات و لە سەر ئەم چوارچێوەیە سیمای دارژاوە. دایکێکی رووخاو و سەرگەردان کە داوێنی نیشتمانەکەی بۆی بۆتە مەترسی گۆڕستانێک هیچ کاتێک ناتوانێ بناخەی کەسایەتیەکی سەربەخۆ بۆ منداڵەکەی دابڕێژێت، بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە دەبێ لە بناخەوە لێکدانەوە بکرێت و لێکبدرێتەوە کە بۆ هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکان ئاوەها قەدوقەوارەیان گرتووە و ئەم رواڵەتە درندانەی بە خۆی گرتووە، کەلافێکی ئالۆزی سەرلێشێواو کە دەبێت بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی ماندوو بین.

بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیەکان دەبێ ژنان و پیاوانی رۆشنبیری کۆمەڵگا قوڵ هەڵماڵن. ئەم کێشەیە یەکێک لەو کێشە بنچینەیانەیە کە تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو دەگرێتەوە جا لیرەدا پێویستیەکانی رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم بارودۆخە ناهەموارەی کۆمەڵگای ئێمە تیشک دەخاتە سەر گرینگی رۆڵی ژنان و پیاوانی رۆشنبیری کۆمەڵگا بۆ پێکهێنانی کەرەسەی پێوست بۆ گۆڕانکاری بناخەیی،بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی نوێ کە ماناییکی نوێ بدات بە پێوندیە کۆمەڵایەتیەکان.

**سەنتەری ژنان کورد- کۆڵن**

Center der kurdischen Frauen in Köln  e.V.

2010/03/03

---

سەر چاوەکان:

**فصلنامە زن (لە زمانی فارسی بە کوردی وەرمان گێڕاوە)**

**ئاماری توند وتیژیەکان دژ بە ژنان نوسەر رووناک فەرەج**

**کۆمەڵگای نەزۆک نوسراوەی عارف نادری**

centerijnan@ymail.com